## دەنگی مرۆڤە فەرمۆشکراوەکان!  ئێمە لە حاڵی مانگرتنی ووشکین!

ئەمرۆ یەکی یونی 2006 ی زایینی، کاتژمێر 5 ی ئێوارە خۆپیشاندانێکی گەورە و بەرین بە بەشداری سەدان کەس لە خەڵک و داواکارانی پەنابەری سیاسی لە شاری ئۆسلۆ لە لایان "تۆڕی دژی ڕەگەزپەرەستی دەوڵەتی لە نۆرویژ" بەڕێوە چوو. خۆپیشاندان، سەرەتا لە بەر "ئیستگای قەتار" لە ناوەندی شار دەستی پێ کرد، پاشان بە ڕێپێوان لە شەقامی "کارل یوهان" گەورەترین و قەرەباڵخترین شوێنی شاری ئۆسلۆ، بەرەو پارلەمانی نۆرویژ، درێژەی هەبوو . کۆمەڵێک لە داواکارانی پەنابەری لە چەند ڕۆژ لەمەوبەر دەستیان کردوە بە مانگرتنی ووشک و لەم خۆپیشاندان و ڕێپێوانەش، دەستی خۆیان بە زنجیر بەستبوو و هەڵگری نووسراوەیەک بوون بە زمانی ئینگلیسی، لە ژێرناوی:
"دەنگی مرۆڤە فەرمۆشکراوەکان! ئێمە لە حاڵی مانگرتنی ووشکین!

### درووشمی سەرەکی ئەم خۆپیشاندانە بریتی بوون لەمانە:

**دەست ڕاگرتنی دیپۆرتی پەنابەران بۆ ئەو وڵاتانەی کانگای شەڕ وماڵوێرانین و مرۆڤ بە هۆی جۆراوجۆر تووشی ئازار و بن دەستی دەبێ.  هەڵوەشاندنەوەی یاسای دژی پەنابەری و کۆتایی هێنان بە توندوتیژی لە دژی پەنابەران. هەوڵدان بۆ بەدی هێنانی سیاسەتێکی مرۆڤانەی پەنابەری. چاوەڕوانی و بێ وڵامی بە داوای پەنابەری بە مانای پەرەپێدان بە ئازار و ئەشکەنجەی دەروونی داواکارانی پەنابەرییە. مافی پەنابەری، مافی ڕەوای مرۆڤە و..**

ئەم خۆپیشاندانە یەکێ لە گەورەترین خۆپیشاندانەکانی پشتیوانی و پارێزگاری لە مافی پەنابەری لە نۆرویژ بوو و لە لایان دەیان پارتی و ڕێکخراوی سیاسی و مافی مرۆڤ، لە وانە پارتی کار، پارتی سۆسیالیستی چەپ و ئاڵیانسی هەڵبژاردەی سوور و...هتد. پشتیوانی لێ کرابوو. شایانی باسە کۆمەڵە ئەندامی "تۆڕی دژی ڕەگەزپەرەستی دەوڵەتی لە نۆرویژ"ە و لەم خۆپیشاندان و ڕێپیوانەش، کۆمەڵێک لە دۆستان و لایەنگرانی کۆمەڵە چالاکانە بەشداریان کرد.

به سپاسەوە     راپۆرتی بەشی پەنابری مەڵبەندی سکاندیناڤی کۆمەڵە _ نۆرۆیژ   باقی تالبالعلم

***کۆمەڵێک لە وێنەکانی ئەم خۆپیشاندانە***






02.05.2006


02.05.2006


02.05.2006


02.05.2006


SMANN
JOHAN
02.05.2006


02.05.2006